# هەڵبژاردن ، هەڵسەنگاندن ، دابڕان و تەسلیم بوونەوە

*نووسینی / سەڵاح شێخ سدیق*
*- ستۆکهۆڵم -*

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا ڕێخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی زۆربەخەستی سەرقالی خۆسازدان ، باندبازی و پارە ، پلەوپایە و سیمکارت بەشینەوەبوون و بەلێشاو زەم ، وەسف ، ناوناتۆرە شوێن ئەموئەو دەخران ، بەجۆرێک هەرچی دابو نەریت و فەرهەنگی سیاسەت و حزبایەتی و باندبازی و فراکسیۆن سازیی هەیە لە پرۆسەی هەلبژاردنەکان دا زۆر بەروونی رەنگیان دابوویەوە کەنەدەبوو وەهابێ و نەشیاوە لەبۆ ڕێکخراوێکی سۆسیال دیموکرات .

لەم ووتارەدا دەمهەوێت تیشک وەخەمە سەر : مەسەلەی هەلسەنگاندن ( تقیم ) ، جیابوونەوە ( انشقاق ) و یەکگرتنەوە و تەسلیم بوونەوە .

*هەلسەنگاندن* ؛ لەپلنیۆم و کۆنفرانس و کۆنگرە حزبییەکان داو لە هۆڵە داخراوو دوور لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن وە پرنسیپێکی حزبی هەڵسەنگاندن دەکرا لەبۆ ئەوکەسانەی کە خۆیان دەپاڵاوت بۆپلەوپایەحزبییەکان تائێرەپرۆسەیەکی نۆرماڵە،بەڵام پاش راپەرین ئیدی قۆناغەکە لەئۆپۆزسیۆنەوە گۆردرا بۆ دەسەڵات و کاری سیاسی وڕێکخراوەیی ئاشکرا و بەم پێیەش هەڵسەنگاندن ماناومەبەستەکەی گۆڕانی وەسەراهات ، مەسەلەی فایل ، تەسلیم بوونەوەو ئاشکرابوونی زۆرێک لە بابەت و مەسەلەو هەلوێستە نهێنییەکان ، بەردەست کەوتن و ئاشکرابوونی زۆربەی هەرەزۆری دیکۆمێنت و فایلەکانی دەزگاکانی ئەمن و موخابەراتی ڕژێم . هەربۆیە ئیترناکرێ و ناوێ و ناشێ بەهەمان ووتارو ئاوازی سەردەمی شاخ گۆرانی هەڵسەنگاندن بۆبەرپرس و ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکان بوترێ !!! کەچی ئەوەی کەلەم هەڵبژاردنانەی یەکێتی دا دیمان و بیستمان بەتەواوی پێچەوانەی ئەو ڕاسییانەی سەرەوەیان نیشان داین ! خوێنەران ، برادەران ، هەڤاڵان ، هاورێیان سەرنج بدەن کەچۆن چۆنایی مەسەلەی هەڵسەنگاندن چوارچێوەی هۆڵی کۆبوونەوە حزبی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزبی بەزانووەوتەنانەت کار بەوە گەیشتووە کە فراکسیۆنەکانی ناو یەکێتی هەردوو ڕۆژنامەی ( هاوڵاتی و ئاوێنە ) کە دوو ڕۆژنامەی سەربەخۆو ناحزبی و زۆربڵاوو فرەخوێنەریش بەکاربهێنن لەبۆ پروپاگەندەو ناساندن و نارەزایەتی دەربڕینی پالێوراوانیان . ڕاستە کە ئەوە هاوڵاتی و ئاوێنەن کە چاوپێکەوتنیان سازداوە لەگەڵ پالێوراوانی فراکسیۆنەکان ، بەڵام دەبێ ئەوەش بووترێ کە هاولاتی و ئاوێنە بەرپەس نابن و نین لەوقسانەی کەلەو چاوپێکەوتنانەدا هاتوونە، هەربۆیەگلەیی و ڕەخنەکانی ئەمن روو لە هۆردوک ڕۆژنامەکان نینە ، بەڵکو مەبەستمە بڵێم کە : ئێستاش پاش ڕاپەریین بەهەمان ریتم و ئاوازی سەردەمی شاخ هەلسەنگاندن دێتە ئەنجام دان و هەوڵئەدرێ هەمان خۆڵ بکرێتە چاوی نەک هەر هەڤالان بەلکو تەوای ڕای گشتی و جەماوەریش تەنانەت لەسەر لاپەرەی هۆردوک ڕۆژنامەی ناحزبی و بێلایەنی هاولاتی و ئاوێنەش !!!!!! .

لەهەردوو چاوپێکەوتنەکاندا .. باسی پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە ، زیندان . پێشمەرگایەتی و پلەو پایەکان کراون.. بەلام بچوکترین ئاماژەش بە : دابران ، جیابوونەوە، تەسلیم بوونەوەو شتاقی یەکگرتنەوەکان نەدراینە !!!. ئەرەکو مێژووی ئینسانەکان و یان ژیان نامەی کەسەکان لەتەواوی ئا چرکەساتانە پێکهاتوێت کەلە تەمەنیان گوزەشتیە ئەوا ناکرێ لەهەڵسەنگاندنی ژیانی سیاسی کەسێک دا تەنها باس لە خاڵەگەشەکانی

ئەوکەسە بکرێ و ئەوەشی کەخاڵی کزیو لاوازییە وەبەر مەقەستان بخرێتن ، چونکە مادامەکی کاری سیاسی کارێکی دەستەجەمعی رێکخراوە ئەوا حەتمەن کەسی ناوبراو یان فڵانە پاڵێوراو بۆ فلانە کورسی بەتەنها نەوییەو کەسێک ، هەڤاڵێک، هاورێیەک یان خێرخوایەکی لەتەکا بییە کە رۆژێک بێتە زمان و بەرەیەک فرێ داتە مزگەفت و پەردە لەرووی راستییەکان هەڵماڵێت، بەڵام ئا رۆژە کەی دێت ؟؟؟!!!! ، رەنگەزۆربەرپرس لەبۆیان برواتەسەرو کەسیش فزە نەکات چونکە لە زۆربەی حالەتەکان دا ئەوە بەرژەوەندی شەخسییە کە وادەکات شاهیدی لادانەکان، بادانەکان ، هەڵەکان ، خیانەتەکان بێدەنگی هەڵبژێرن !! . لێرەوە ئەز پێشنیار دەکەم کە چۆن چۆنی بۆ پڕکردنەوەی فۆرمێکی حزبی وا پێویست دەکات ئەگەر کەسێک یان پێشمەرگەک بیهەویت بیسەلمێنێت کە لەماوەی ئەوەندەساڵ دا دانەبراوە ئەوا واپێویست دەکات کە بەرپرسێک یان دووان پشتگیری بکات ، هەرئاوهالەش ئەرەکو کەسێک زانیاری سەبارەت وەخۆی دا ووتی من دانەبراومە ، جیانەبومەگەسۆ ، یان تەسلیم نەبووماتەوانێ . بەهەمان شێوە با ئەو کەسە ناچاربکرێت کە لانی کەم دووکەس پشتگیری بکات . بۆیە لێرەوە داوا لە سەرجەم هەڤالان ئەکەم کە لەمەولا باش چاوبکەنەوەو گوێ هەڵخەن لە کۆنفرانس و کۆنگرەکان دا یان لەسەر لاپەرەی رۆژنامەکان ئامادەبین بە رروّشنی و راشکاوانە ویژدانی خۆمان ئاسوودە بکەین بلێین راستە فلانی ئەوەنە ساڵ پ م ، بووە. یان رێخستن یازیندانی سیاسی بووە بەڵام لە ماوەی ساڵی ..... ، تەسلیم بووەتەوە، یان دابراوە یان لەسەر ئەو شتە لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە....

لەراستیدا پرنسیپەکانی بەسەرکردایەتی بوون یان بە مەنسول بوون لە یەکێتی و زۆربەی حزب و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان دا .پرۆسەیەکی سەیرەو پرەلە موعجیزەش !!!، بەلام زۆرجاران ئەوە مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و ئەولەویەتی تەکەتوولها بووە کەبریاری سەرکەوتن یان ملشکاندنی فلانە کادری داوە، ئیدی مەگەر کوتلەی بەرامبەر دەخالەتێکی کردبێت ئەویش تەنهاوتەنها بۆ ملشکاندن!!، دەنا زۆرزۆر دەگمەنە کەسێک یان گروپێک قسەیەکی خێری بۆفلانە کەسی کتلەکەی دیکە کردبێت .

*تەسلیم بوونەوە ،*

ئەگەر قسەش لەسەر بارودۆخی کوردستان و عێراق بێت بەتایبەتی لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ئەوا لایەنیکەم بۆهەڵسوراوانی سیاسی و پێشمەرگایەتی ئەوێ رۆژێ روونە کە چەندە زروفێکی ناوەش و سەخت و دژواربی ، رژێم ئەودەمە لە ئەوجی دیکتاتۆریەت و هاری و وەحشییەتی خۆیدا بەسەری دەبرد، مەبەستمە کە بێژم باروزروفەکە وەهات لێهاتبی کە رەنگە زۆرکەس ناچاربوبێت یان ناچارکرابێت کە خۆی تەحویل بداتەوە !!!، بەلام هەل ومەرجی بابەتی و شەخسی هەرکەسێ لەو ئەفرادانەی کەخۆیان تەحویل دابێتەوە هەرچی چۆنێک بوبێت بەهەرهەموویان ئەوترێ ئەوانەی خۆییان تەسلیم کردەوانێ !!!، پاش تەسلیم بوونەوەش وەزعەکان و هەلوێستەکان لە چەند ئەگەرێک زییاتر نەبوون ، ( لێرەدا دەبێت ئەوەبڵێم کە من لەم باسەدا هەرگیز مەبەستم کەسێکی تایبەت یان دییاریکراونیە ، تەنهاهەولێکەبۆباس کردنی رابردووی کەسە سیاسییەکان وەک ئەوەی لەواقعدا هەبووە، نەک وەک ئەوەی کە پاڵێوراوخۆی یان فراکسیۆنەکەی پێی خۆشە...) دێمەوە سەر ئەگەرەکانی پاش تەسلیم بوونەوە :

- یەکەم ، ئەبو تەسلیم بووەوە سوود لەدەرفەتی لێبوردنی رژێم وەربگرێت و پەیوەندی بکردایەتەوە بەیەکە سەربازییەکانەوەو ملی سەربازی بگرێتەبەرو بەرەو بەرەکانی جەنگ وەرێ کەوتبا ئیترکابراخۆی و شانسی کە کەشوێنەکەی سەلامەت ئەبوو یان خەتەرناک .

- دووهەم ، زۆرێک لەوکەسانە بەخۆرێک سوودمەند دەبوون لە پەیوەندی شەخسی و عەشایەری لەگەڵ ئامرمەفرەزەو سەرۆک جاشەکاندا و یا پەنائەدران یا پسۆلەی هات و چۆیان بۆ دەکرا یان ناونووس دەکران لە دەستەیەکی چەکداری سەربەرژێم دا کەئەوکاتە فەوجی خەفیفە لە زۆرێک لەشاروشرۆچکەکانی کوردستان دا هەبوو ئەوانیش هەم پارەیەکیان لەرژێم پێوەردەگرت. هەم کەس وکاری ئەوکەسانەیان لەخۆیان رازی دەکردوو سەلامەتی کوڕوبراو مێردەکانیان دەپاراستن .
- سێهەم ، هەش بوون بەکردەوەو راستەوخۆ چەکیان بۆ رژێم هەڵئەگرت ومەفرەزەی خۆییان دەکردەوە.. کەحەق وایەئەم دەستەیان تۆزێک بەووردی و تایبەتی تر لەلایەن حزبەکوردستانییەکانەمامەڵەیان لەگەڵ بکرایە !!!!!!!! .
- کەمیش نەبوون ئەوکەسانەی کەهەڵوێستی خۆییان پاراستبوو هیچ کارێک لەوکارانەی سەرەوەییان نەکردو بەجۆرێک ژییانی خۆییان پاراست ، زۆرێکیش لەم دەستەییە دەستگیرکرانو گوللەباران کران و چوونەریزی سەروەران .، راستە ژیانی ئەم دەستەیان پڕاوپڕبوو لە موجازەفەو لەسەخترین هەل و مەرجدا ژیانیان دەگوزەران ، رەنگە تەنها ئەوکەسانەخۆییان و کەس و کارییان بتوانن باس لەو رۆژگارەسەختانەبکەن .

دوای راپەرینیش زۆربەی زۆری ئەوکەسانە پەیوەندییان کردەوە بە حزب و رێکخراوەکانی خۆییانەوەو سازدرانەوەو دەست بەکاربوونەوە، دەبێت ئەوەش بووترێ کە ژمارەیەکی زۆریشیان پێش راپەرینیش لەشانەودەستەچەکدارەکانی حزبەکوردستانییەکان دا سازدربوون و رۆڵی دیارو بەرچاوییان هەبوو لە راپەڕین دا، بەڵام هەش بوو هەتا رۆژی راپەرینیش هەرسەربازبوەو بۆی نەلواوە هەڵبێت.!!!. ئیتر بەهەرحاڵێک ئەم باسە زۆرئاڵۆزەو قسەوباسی زییاتریش هەڵئەگرێت.. کەئەم ووتارە ئەتوانێت تەنها دەسپێکێک بێت یان تەوەرەییەکی ئاواڵە بێت بۆباس و لێکۆڵینەوەی زیاتر ئەگەر بواری رۆژنامەگەری و ئازادی ڕادەربڕین لە کوردستان دا رێگرنەبێت ......

*جیابوونەوە، دابڕان و یەکگرتنەوە*

یەکێتی نیشتمانی وەک رێکخراوێکی بنکەفراوانی جەماوەریی و نیمچەبەرەیی لەپەیرەووپرۆگرامەکەیدا بیروبۆچوونی جیاوازوناکۆکی و ململانێی چینایەتی ، عەشایەری ، شەخسی زۆرری لەخۆگرت بوو، بەتایبەتی ریزەکانی کۆمەلەی رەنجدەران کەلەریزەکانی دا ژمارەیەکی یەکجار زۆروبەرفراوانی رۆشەنبیران و خاوەن بیروبۆچوونی : راسترەو،چەپ وبان چەپی لەخۆیگرتبوو.یەکێ لەدیارترین وبەرچاوترین و زەقترین ناکۆکی وململانێکانی نێو کۆمەڵە. ئەوەی نێوان کوردستانییەکان و عێراقچییەکان بوو کەدواترو لە نێوەراستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لەساڵی،1985، بەجیابوونەوەی باڵی عێراقچییەکان کە بەجەماعەتی ئاڵای شۆڕش وەک ئاماژەیەک بۆ ناوی ئۆرگانی ناوەندی رێکخراوەکە ناوەزەدکران .ئێدی ئیشقاقێک لەو هەل ومارج و بارودۆخەی ئەودەمەی کوردستان دا بوبێت و لەنێودەروونی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالستی و چەکداریی دا رووی دابێت ، ئەبێت چۆن و بەکام مەنتیق مامەڵەی لەگەڵ کرابێت !!!!.

زۆرجارو لەو ساتانەی کە لەفەزاییەکی ئارامدا ژییان دەگوزەرێنم سریالی بیرکردنەوە دەمگەرێنێتەوە بۆباگراوندی سیاسیم و دەکەومەوە بیری ناکۆکی سەرەکی خۆمان ( بەقەولی یەکێتییەکان جەماعەتی ئاش )و یەکێتی کە مەسەلەی کوردستانی و عێراقچێتی بوو، هەرکە ووردئەبمەوەوسەرنج ئەدەم و دیقەت ئەدەم و بەراوردێکی وەزعەکە دەکەم لەگەڵ رۆژگاری ئەورۆی پاش راپەرین ، سەردەمی دەسەلات ، پاش یەکگرتنەوە، راستییەکەی ئەمن هەردوو فراکسیۆنەکەم ( یەکێتی وئالای شۆرش ) م وەک دوو تیمی فوتبۆڵ دێتە پێش چاو، کە دوو تایم یاریمان کردووە، تایمی یەکەم : گۆرەپانی یارییەکە لە شاخەو سەردەمی ئۆپۆزسیۆنە، تیمی ئاڵا زۆرسەرسەختانە داکۆکی لە گۆڵی(هدف ) ی عێراقچییەکان دەکەن و هەندێک جاریش هێرش دەکەنە سەرگۆڵی کوردستانییەکان ،ئەمانیش بەهەمان شێوە داکۆکی لە هەدەفی کوردستانی دەکەن و زۆرسەرسەختانە هێرش دەکەنە سەر هدفی عێراقچییان !!! ، بەمجۆرەو وێرای نابەرابەریەکی زۆری هێزی تیمەکان وازییەکە تێک دەچێت و دەبێتەناخۆشی . تایمی دووهەم : گۆررەپانی یارییەکە لەشارەو سەردەم سەردەمی دەسەڵاتە، وەک رەوتی ئاسایی هەر یارییەکی دیکەی فوتباڵ تیمەکان جێگۆرکێییان پێکراوەو بەم پێیەش گۆڵەکان؛ هەدەفەکان ؛ نیش گۆران واتە : ئێستا ئیتر یەکێتییەکان بەهەموو هێزی خۆییان داکۆکی لە عێراقی بوون ئەکەن و زۆرسەرسەختانەتریش لەجاران هێرش ئەکەنە سەرکوردستانی بوون!!!!!!. هەڵبەتە تیمی ئاڵا لە تایمی دووهەم دا زۆرگۆرانکاریی سەیری بەسەرداهات : کاپتنی تیمەکەو زۆرێک لە یاری زانان نەک هەر وازییان هێنا بەلکو پەیوەندبوون بە تیمی بەرامبەرو زۆر لە یاری زانە کۆنەکانیش باش تر رۆڵ دەبینن وهێرش دەکەنە سەر گۆڵەکەی خۆییان و جاران !!!!!. ئیتر پێکهاتی تیمی ئاڵای ئەوساکە بەتەواوی گۆرراوەو یاریچی تازەو گەنج تر یاری بۆدەکەن ........( مەبەستم لەوبەراوردکردنە ئەوەیە کە بڵێم : راستییەکەی عێراقچییەتییەکەی ئێمە هەم ئەوەندە خەست نەبوو وەک ئەوەی ئەورۆ هەیە.. هێندە نەبێت تەنها ئامانجو بەرنامەی ئێمە عێراقیانە خەباتکردن بوو بۆروخاندنی رژێم و رێگاگرتن بوو لەسازش و مفەوەزات لەگەڵ رژێم ، لەحاڵێکدا زۆرجارکوردستانی بوون بەکارئەهێنرا بۆدابرینی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان لە عێراقی و چارەسەرکردنی بە رێگای گگفت وگۆ !! لەحاڵێکدا عێراقی بون بەوخەستییەی ئەمرۆ و لەکاتی دەسەڵات دا رەنگە زییانیش بگەیەنێت بە سەروەری نەتەوەیی و مافی چارەنووسیش . ئەم باسەش زۆرلەوە زیاتر هەڵئەگرێت .. با بزانین کەی وکام لە رابەرانی ئەوسای ئالا بیرەوەرییەکانی خۆ دەنووسنەوەو کو باسی ئەوناکۆکییانەدەکەن و چۆن هەلییان دەسەنگێنن !!!!!!! .

*یەکگرتنەوە:*

پاش راپەرین وهاتنەوە نێوشاری حزب و رێکخراوە سیاسییەکان ، کۆنترۆل کردنی تەواوی دەسەڵات و ئیمکانات لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە بەجۆرێک زۆرسەخت بوو بۆ حزب ورێکخراوەکانی دەرەوەی بەرەکە بتوانن چالاکییان هەبێت. سالی 1992 لەزستانی ئەو سالەدا هاودەم وهاوکات ئاڵای شۆرش و یەکێتی سەرقاڵی کۆنفرانس و کۆنگرەبوون ، هەردوولا موتابەعەی هەواڵ و رووداوەکانی کۆبونەوەکانی یەکتریمان دەکرد !!.. بەڵێ هەم کۆنگرەی یەکێتی بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات هەم کۆنفرانسی ئاڵاش کۆتایی هات لەراستیا دەکرێ ئەو کۆنفرانسە بەبەرفراوانترین کۆنفرانسی ئالا حساب بکرێت کەزۆربەی هەرەزۆری هاورێیانی شاخ ،. شار، دەرەوەی وولات، ئیتر ئەوانەی شار زۆرێک لەو هاورێیانەی کەکاتی خۆی و لەبەرهەرهۆکارێک بووبێت خۆییان تەحویل دابوویەوە

بەشداری کۆنفرانسەکەییان کرد، ***بەلام هیچ یەکێک لەئەوان خۆی بۆسەرکردایەتی نەپالاوت*** !!!!!!!. ئێ ناحەقیشیان نەبی چونکە سەرکردایەتی ئەودەمەی ئالا لەوپەری بێئیمکانییەتی دا بووین !!!. لەهەمان ساڵداو لە مانگی ئایاردا دیسان کۆنگرەیەکی دیکە سازدرا بەلام ئەم جارە بۆ یەکگرتنی ئالای شۆرش ( ئەودەمە ناوەکەی گۆردرابی بە کۆمەلەی سۆسیالستی کوردستان ) و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ، ئێ ئێمە وەک ئالا هەمووی 3 مانگ بی سەرکردایەتییمان هەلبژاردبوو وە تەواوی دەنگی کۆنفرانسمان پێبوو، کەچی زۆر پێدائەگیرالەسەر هەلبژاردنەوەی سەرکردایەتییەکی نوێ بۆ تێکەڵ کردنی لەگەل سەرکردایەتی زەحمەتکێشان ، هەرواش کرا، ئەمەش هەلێکی زۆر زێرینی بۆ کۆنەکادرو دابراوو تەسلیم بووەکان رەخساند کەهەم سوودێکی زۆرلەناکۆکییەکان وەربگرن هەم خۆییان لەگەل هەمووباندەکان سازبدەن دەربچن بۆسەرکردایەتی !! ئەم جارەییان خۆهەلبژاردن زۆرتەکلیفی نەدەویست .. هەم حزبی زەحمەتکێشان وەزعی مادییان فرەباشتربی ، واتا ئەوەی دەهێنا کە ئینسان نەک خۆی بپالێوێ بۆسەرکردایەتی بەلکوشەریشی لەسەربکات...!!!!!!!...... لەپرۆسەی یەکگرتنەوەی ئاڵای شۆرش و زەحمەتکێشان دا ناکۆکی و ململانێیەکی توندو ڕانەگەیەنراو بەدی دەکرا، ئەویش : هەرچی حزبی زەحمەتکێشان هەیە هەمووبەرنامەوەبەستێکیان تەنها بچووک کردنەوەو تواندنەوەی ئاڵا بوو لەبۆتەی حزب دا هەوڵیان دا بچووکترین دەستکەوت بدەنە برادەرانی ئاڵا. ناوی حزب وەک خۆی مابوویەوە، زۆربەی بلەوپایەوناوەندەگرنگەکانی بریار لە دەست خۆیان دا کۆنترۆڵ کرابوو، لەراستیا ئەوە هەلەیەکی زۆرگەورەی سەرکردایەتی ئەوکاتەی زەحمەتکێشان بوو کەدواتر زۆر قورس باجەکەیان دا، ئاخر دەستەیەک گروپێک ئەگەر بالادەستی یەکێتیان قەبول نەکردبێ و لێی جیابوبنەوە. بەکام یاسا، کام قیاس دەتوانێ ناچارییان بکات کە هەیمەنەی مونشەقی حسک قەبوڵ بکەن !! هەرچی بەرنامەوئامانجی رانەگەیەنراوی جەماعەتی ئالاش بوو ، بەکارهێنانی زەحەتکێشان بوو وەک وەسیلەک بۆئەوەی بەقەوارەیەکی گەورەتر لەگەل یەکێتی یەکبگرنەوە.. کەدواتر لەسالی 1993 دا بەناوی حزبی زەحەتکێشان_ پەیرەویەکگرتن . کەلەراستیا ژمارەیەکی فرەکەم کادروئەندامی حزبی زەحمەکێشانە ئەسلییەکەیان وەدوو کەوتبوو !!! بەلێ ئەم گروپە ناراستەخۆ و لەپەنجەرەوە گەرانەوە ناو یەکێتی.. گروپێکی تریش کە پێش ترێ لەیەکگرتنەکەی زەحمەتکێشان پاشەکشەمان کردبوو وە هاتنەوە مەیدانی ئالای شۆرشمان راگەیاندبوو.. راستەوخۆو لەدەرگاوە گەراینەوە ناوریزەکانی یەکیتی . لەم هاوکێشەیەش دا بە پێچەوانەی هەر نەریتێکی سیاسی یەکگرتنەوە.. پلەوپایەها، دەستکەوت ها، مۆنیکاها، خانووها، عەرزەهای ئەوانەی وا بەناوی حزبی زەحمەتکێشان _ پەیرەو یەکگرتنەوە گەرابوونەوە گەلەک مەزنترو زیاتربیی لە وانەی کە راستەوخۆ بەناوی ئالای شۆرشەوە یەکگرتنەوەمان کردبوو !!!! بۆوابی ؟ چونکە : حەتمەن کە ئینشقاقێکی ناسروشتی ونادیموکراتی .. دەبێت یەکگرتنەوەیەکی نادیموکراتیش بەدووی خۆیدا بێنێت ............ .

***ئەنجامگیری***

لەکۆتایی دا دەمەوێت بلێم حەق وایە لەمەولا زیاترو زیاتر گرنگی و بایەخ بە هەلسەندگاندن بدرێت بۆ هەرپالێوراوێک چ بۆ پلە حزبییەکان بێت یان حکومییەکان . حەقیش وایە کە هێلی سوور هەبێت بۆ هەندەک پلەوپایە، مەبەستم هەرکەسێک رابردووی سیاسییەکە ئەوهیلەسوورەی بەزاندبوو

**بۆی نەبێت خۆهەڵبژێرێت بۆ : ئەندامی سەرکردایەتی ، وەزارەتەکان ، ئەندام پارلەمانی عێراقی و کوردستانی ، مادام کەسەردەم سەردەمی دەسەڵات و ئازادی بیروڕادەربڕینە با پاڵاوتن بۆ پلەو پایە حکومییەکان بە ئاشکراو لە مێدیاکانەوە هەم پشتگیری بکرێن هەم زۆر ئازادانەش رەخنەییان لێ بگیتێت**..........

**سەڵاح شێخ سدیق / ستۆکهۆڵم / نۆفەمبەری** 2006